کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 14-4-2007 16:53

## لە ساڵیادی ئەنفالدا، گەلی کورد دووچاری هەڕەشەی ئەنفال دەبێتەوە! ... ستار محەمەد قادر



وا باوە لە نێوان گەلانی دراوسێدا، ئەو گەلانەی کە کلتوورو مێژوویەکی هاوبەش بەیەکیانەوە دەبەستێتەوە، بەشداری بۆنە خۆش و ناخۆشەکانی یەکدی بکەن. لێ ئەوەی لێرەدا دەبینرێت، پێچەوانەکەی راستە.
ئەگەر ئەنفال لە لای نەتەوەی کورد واتای جینۆساید بگەیەنێت، ئەوا لەلای رژێمە ستەمکارەکانی ئەم ناوچەیە، وەکو ئەوە وایە هیچ تاوانێك رووی نەدابێت. بچووکترین بەڵگەش بۆ پشت راستکردنەوەی ئەو بۆچوونەم، هەڕەشەو لەشکر کێشییەکانی ئەم دواییەی وڵاتی ئێران و تورکیایە بۆ سەر (pkk)، یان ئەو ریکلامە بێ مانایەی شۆڤینیزمەکانی تورکە هەر جارەی بە بیانوویەك دەیکەنە سەر سەرۆکایەتی هەرێمی کوردسستان.
رژێمی بەعس تا ئەو کاتەی گڵۆڵەی نەکەوتە لبَژی، باوەڕیان بەو پەندە نەدەکرد کە دەڵێ: مار هەیەو مار خۆریش هەیە"!، بۆیە بەڕای من هەردوو رژێمی ئێران و تورکیا تا نەگەنە ئەو فاکتە، قەدری عافێت نازانن!.
ئەمڕۆ ئێمەی کورد سەرەڕای ستەمی دوژمنانمان داوای ئاشتی و پێکەوە ژیان و برایەتی دەکەین لە نێوان گەلانی ئەم ناوچەیەدا، هەرچەندە دۆستایەتی کاتێك چییەتی خۆی دەپارێزێت مافەکان بۆ خاوەنەکانیان بگەڕێندرێتەوەو داوای لێبووردن و قەرەبووی ئەو زیانە مادی و گیانیانە بکرێتەوە کە ستەمکاری ئەوان تاکە هۆکار بووە بۆ درووست بوونیان. ئەگەر ئەمڕۆ ئێمەی کورد بمانەوێت بە شێوەیەکی دیسپلین و یاسایی لە چوار چێوەی بریاری نەتەوە یەکگرتووەکان ئیش لە سەر ئەو لایەنە بکەین و بیکەینە دۆسیەیەك بۆ ئایندە رەنگبێت سوودێکی چاك بە داهاتوومان بگەیەنێت. هەرچەندە ئەمەی من باسی دەکەم، هەڵگری رەهەندێکی مێژووییە، رەهەندێك تا لە چوار چێوەی یاساوە بتوانین دۆزەکەمان بە جیهانی ئێستاو ئایندە بدەینە بناسێنین و بیکەین بە دیکۆمێنتێك بۆ مێژوو و بۆ نەوەکانی داهاتووی گەلی کوردو گەلانی ستەمکارلە ناوچەکەو لەدنیادا. چونکە بە بێ دان نان بە تاوانەکان و دەست نیشان کردنی ستەمکارو ستەم لێکراو، وابزانم کارێکی ئاستەمە بتوانین پەیامێك چێ بکەین بۆ دوژمنان و مەترسییەکانی درێژەدان بە ستەمکارییان دەرهەق بە گەلی کورد بخەینەبەرچاویان و تووشی شۆکیان بکەین.
ئەمڕۆ جیهان گۆڕانی بەسەردا هاتووە لەو جیهانە پان و بەرینەوە بووە بە گوندێك یان ژوورێك!، بۆیە لەچوار چێوەی ئەو بچووك بوونەوەیەوە دەتوانین ئیش لەسەر ئەو بووارە بکەین ئەگەر خۆمان لە بەرنامەو ویستماندا بێت، چونکە ئەو بچووك بوونەوەی دنیا بووە بە مایەی ئاسانکردنی تێگەیشتنی گەلان ودادگا نیَو دەوڵەتییەکان بۆ تێگەیشتن لە کێشەی ئەو گەلانەی کە لەپێش هەڵگیرسانسی شۆڕشی تەکنۆلۆژییەوە رژێمە داگیرکەرەکان بە ئارەزووی خۆیان و بەبێ سڵەمینەوە هەرچییان بویستایە دەیانکرد. هەرچەندە ئەو رژێمانە ئەمڕۆ لە هەرەمی دەسەڵاتدان و نەخراونەتە واری لێپرسینەوەوە، لێ دەکرێت وەکو کەیسێك ئامادەیی بۆ بکرێ و ئیشی لەسەر بکرێت.
بەداخێکی زۆرەوە ئێمەی کورد لە کاتی دادگایی کردنی دیکتاتۆرو سەرانیدا نەمانتوانی بە شێوەیەکی شارستانییانە مامەڵەلە گەڵ ئەو هەلە زێرینەدا بکەین تا دۆسیەی ئەنفال نەکەوێتە پەراوێزەوەو ببوایە بە پەندیش بۆ ئەو رژێمانەی کەلە ساڵیادی کارەساتی ئەنفالدا هەڕەشەی دووبارە جینۆساید کردن لە گەلی کورد دەکەن. بەبڕوای من ئەگەر ئێمە گەلێکی زیندوو بین و بمانەوێت هەموو تواناکانی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 14-4-2007 16:53

خۆمان بۆ زۆرێك لە بووارەکان تەرخان بکەین، ئەمڕۆ باشترین دەرفەت لە بەردەستماندایە، بۆیە پێویستە هەموو ئەو کەناڵانە بگرینە بەر کە خزمەت بە دۆزەکەمان دەکات، . ئەمڕۆ ڕێکخراوی "چاك" نموونەیەکی هەرە زیندووی ئەو بووارەیە کە بەبێ بەرامبەر لە هەر چوار پارچەی کوردستاندا بە ئەرکە نیشتمانی و نەتەوەییەکانی هەڵدەستێ و ڕۆڵی خۆی بەشێوەیەکی ئەکتیڤ دەگێرێ، دەکرێت ئەگەر تۆزێك دەسبەرداری ئەقڵی حزبی ببین سوودێکی گەورە لەو ڕێکخراوەو هاوشێوەکانی وەربگرین یان لە هەوڵی چێکردنی چەند ڕێکخراوێکی لەو جۆرەدا بین، بە تایبەتی ئەمڕۆ جیاواز لە ساڵانی رابردوو کۆمەڵێك خەڵکی پسپۆڕمان لە هەندەران هەیە کە دەتوانن بە شێوەیەکی یاسایی و ئەکادیمی برەو بە زەق کردنەوەی کێشەی ئەم گەلە بدەن و بیخەنە بەرچاوانی ڕۆشنبیرانی گەلان و رای گشتی شەقامی میللەتان بهێننە دەنگ تا چیدی دوژمنانمان نەتوانن بیر لە ئەنجامدانی کارەساتی هاوشێوەی "ئەنفال و کیمیا بارانی هەڵەبجە" بکەنەوە یان باوەڕ بە دۆستایەتییە بێ بنەماو لە خشتە بردووەکانی ئەوان نەکەین. ئەوەتا بە چاوی خۆمان دوژمنایەتییەکانی ئەوان دەبینین، لە کاتێکدا دەبوایە لە پاش ڕژێمی ڕووخاو و ئاشکرا بوونی گۆڕە بە کۆمەڵەکان هاو خەمی خۆیان بۆمان دەربڕیایەو دەستی یارمەتییان بۆ ئەو گەلە درێژ بکردایە کە بە درێژایی مێژوو کوشتەی ستەمکاری ئەوان بوونە. بەڵام بە داخەوە نەئەوان پەند لەرژێمی گۆڕبەگۆڕی بەعس وەردەگرن و نە ئێمەش بیرمان لە کارتێك کردووەتەوە کە بۆ ماوەیەکی مێژوویی بتوانین بە کاری بهێنین تا نەتوانن بەردەوامی بە پیلانە گڵاوەکانیان بدەن. ئەوەی دەبینرێت تەنها کارتی بەرگریکردنە نەك کارتی داکۆکیکردن لە دۆزەکەمان، لەکاتێکدا پێویستییەکی زۆرمان بە بە کارتی داکۆکیکردن هەیە، چونکە تا کێشەی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستاندا چارەسەر نەکرێت، چەکوش و پیلان گێڕی ئەوان هەر بەردەوام دەبێت!. دەبێت بە لامانەوە ئاسایی بێت لە کاتێکدا کە گەلی کورد و کەس و کاری ئەنفال کراوەکان لە کوردستاندا یادی ئەو ڕۆژە نەگریسە دەکەنەوە کە هەتا دنیا دنیا بێت برینەکانی لە سەر جەستەمان دەمێنێ و ساڕێژ نابێت، وڵاتێکی دراوسێ لە شێوەی گورگێکی برسی ببینین بە هەموو هێزو ئاوەزی گڵاویەوە ئەگەر بوواریی بدرێت بۆ جارێك و بگرە هەموو جارێك جەستەی کوردو کوردستان لە خوێندا شەلاڵ دەکات و لە گەڵ هەر یادەوەرییەکی کارەساتی ئەنفالدا ئەنفالمان بکەن!. ڕاستە ئەمڕۆ هەڕەشەکانی ڕژێمی تورکیا تەنها قسەن و لە بارتەقایدا نییە بیخاتە واری پراکتیزەکردنەوە، بەڵام قسەیەکی کوردی هەیە ئەڵێ: نەعلەت لەو کەسەی نیوەی گاڵتە، بەڕاستی وەرناگرێت". . من لەوە دڵنیام ئەوان ئەنفال بە کەم بۆ کورد دەبینن، ئەگەر وا نەبوایە لە کاتی ڕوودانی کارەساتەکاندا دەبوایە هەڵوێستێکیان هەبوایە، بەڵام نەك هەڵوێستیان نەنواند بەڵکو بە شێوەیەك لە شێوەکان بەشداریی ئەو پرۆسەیان کردووەو تا بۆیان کرابێت کار ئاسانی و ڕێ خۆشکەرو دەست خۆشیان لە ڕژێمی بەعس کردووە بۆ قڕ کردنی گەلی کورد لەم پارچەیەدا. هەر چەندە باوەڕناکەم لەمەو دووا بێڵی ڕژێمە فاشییەکان ئاو بە خۆیانەوە ببینن، بەڵام بە دڵنیایەوە دەڵێم ئەگەر ڕژێمی فاشی تورکیا بوواری پێبدرێ و وەکو جاری جاران ئاو بە شوێن بێڵەکەیدا بێت نەك بۆ تەنها جارێ بەڵکو بەبەردەوامی لە هەوڵی ئەنفال کردنماندا دەبوو. لە کۆتاییدا ئەوەندە دەڵێم ئەگەر ئێمە بمانەوێت ئەنفال وکیمیا بارانی هەڵەبجە بە جینۆساید بدەینە ناساندن و لە یادەوەریماندا بۆ هەتا هەتایی بە زیندوویی بمێنێتەوە، دەبێ هەڕەشەکانی ئەم دواییەی وڵاتی تورکیا لەسەر وەختی یادەوەریی گەورەترین تاوان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بخرێتە سەری تا بۆ مێژوو و بۆ نەوەکانمان لە داهاتوودا هەڵوێستی ڕژێمی تورکیاش لە یادەوەریماندا بە زیندوویی بمێنێتەوە. بۆیە بە دڵنیاییەوە دەڵێم لە ساڵیادی کارەساتی ئەنفالدا، گەلی کورد دووچاری هەڕەشەی ئەنفالێکی دی دەبێتەوە!.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.